# ئێمە بەرهەمی کاری ڕژان و ئۆرگازمەین



بەرلەوەی خۆم بهاوێمە ناو خواستی ئەم باسەوە لە تێڕوانینێکی گشتیەوە ئەچینە ناو چەمکی سێکسەوە و با بزانین ئەم چەمکە گرفتێکی هەمیشەییە بۆ ئارەزووەکانمان یان گرفتێکی سەرەکی و کاتییە بۆ بەردەوامی بوونمان کە ئەبێ ئەوەش بزانین بە بێ ئەو چەمکە بوونمان بەرەو پوکانەوە و نەمان ئەچێت . لە دەستپێکردنی کۆمەڵگە و کۆمەڵ و کۆمەڵایەتیەکان و دانانی یاسا و بوونی دەسەڵات خۆی لە خۆیدا ترسێکی گەورەی لای تاک و کۆمەڵ بە

جێهێشت له كاتێكدا مردن هێمایەكی تۆقێنەتر و كۆتەڵێكی ترسناكتر بوو بۆ مرۆڤ كە دەسبەرداری بوونی خۆی نەبێت و له دوای بوونی خودی خۆیەوە بە تاك و بە كۆمەڵەوە بیر له درێژبونەوە و بەردەوام بونی مرۆڤ بكرێتەوە . لەم چەمكەوە دەردەكەوێت بە تایبەتی سێكس مەبەست بووە و مەبەستێكی ڕاستەوخۆ بۆ خواستە پیرۆز و ناپیرۆزەكانی تاك ، هەر له كۆنیشەوە پاشاكان و دەسەڵاتداران له دوای خۆیانەوە هەمیشە بیریان لەوە كردۆتەوە كە پێویستیان بە جێنشینێ هەیە بۆ بەڕێوەبردنی خەڵك و مەملەكەت یا كەسێ له دوای خۆیانەوە دەسەڵات و سەرمایەكانیان بەردەوام بكات . خۆ ئەگەر له تاكە سادەكانی ناو كۆمەڵیش بكۆڵینەوە دەبینین له كاری سێكسدا حەزی بۆ ماوەییان ( الوراثیة ) دەبێتە ئارەزوویەكی سەرەكی و تەنانەت ئەوانەشی بە هەندێ هۆكاری تایبەتیەوە ناتوانن كۆپیەك له خۆیان بەجێبێڵن بۆ داهاتو هەمیشە دڵكز و دڵتەنگن و له سۆراخی مناڵبووندان له ناو كۆمەڵدا دوای ژنهێنان و دامركانەوەی ئارەزووەكان ئەوجا تاك بیر له منالبون دەكاتەوە و مەبەستیش له ژنهێنان پیاو و ژنە بە هەر دەستورێك بێت له ماوەیەكی ژیاندا پێكەوە بن ، له كۆمەڵی ڕۆژهەڵاتیدا خواستی دایك و

باوک منالّی منالّەکانیانـــــە و هەردەم پێشـــی شاناز بون ، لەگەڵ ئەوەشدا لەم کۆمەڵانەدا کاری ســێکس ســانسۆر و قەدەغــــە بووە و لە ئاســـــتی کۆمەڵدا ترســـــی شکان و کەمکردنەوەی ڕەوشتـی خێزانـی هەبووە ، لە کۆمەڵگاکانـی تریشدا خێزان هێمای ســـــەقامگیری تاک بووە و بونـــــی خێزانیش هەل و مەرجی منالّبونی بەسەردا سپێراوە ، بە تایبەتـی لە کۆمەڵی ئایینیدا لە دوای ژنهێنان و شوکردن و تێربونی ئارەزوەکان مندالّ دەبێتە کایەیەکی سەرەکی و لە دایک و باوکدا چەمکەکانی ئارەزوو و خۆشەویستی ڕووە و ئاراستـەیەکی تـر دەگۆڕێت ، گۆڕانیَ بـۆ پێویسـتیەکانی خاوەنداریێتـی و تێڕوانینی ناو خودی هەریەکـە لەوانیـش ڕاســتەوخۆ دەخرێتـە سـەر مندالّەکانیان ، بەتایبەتـی لەناو ئەم کۆمەڵانەدا هەرکەس لە دووای مردنیەوە خالّێکـــــــی ڕەشی بە دواوە بووبێ ئەویش خالّی وەجاخکوێری بووە و بووەتە جێی مشت و مڕو بەزەیی خەڵک ، کەچی هەر لەناو جۆری ئەم خەڵکانەدا تـــا ئێســـتاش حەزو ئارەزوو بـــۆ سێکس نیشانەیەکی گەورەی لەسەر دانراوە و خواستنیشی لە تاکدا بـۆ ئاسـتی ڕەوشتـی کۆمەڵ شەرم و بێبەهایەتـی بووە ، لە کاتێکدا سـێکس ئەو ئارەزووەیـە کـە بەهاکانـی کۆمەڵ بەرز دەکاتەوە و بەرەو پێشچوونـــــی مرۆڤایەتـــــی

دێنێتە کایەوە بە مەرجێ ئەگەر تاک لە سێکسدا ئازاد بوو ئیتر بە ئازادیش بیر لە چەمکەکانی تر دەکاتەوە و یەکەمین کەسیشە لە ناو ئازادیەکانیدا خەمخۆری کۆمەڵگاکەی دەبێت . واتە یەکەمین ئازادی ئازادبونی خودمانە لە سانسۆرەکانی سێکس . هەروەک کارل مارکس دەڵێت.. ( فەلسەفە لەبارەی لێکۆڵینەوەی واقیعەوە وەک دەسپەڕ وایە لەبارەی کاری سێکسیەوە ) ئاسان نیە ئەگەر مارکس بە شێوەیەکی سادە ئەمەی ووتبێت ئەڵبەت لە ڕوانگەیەکی قوڵی لۆژیکەوە گرنگیەکانی چەمکی سێکسی خوێندۆتەوە و تانی فەلسەفە و ئەو دۆخەی سوڕی ژیانی بوونی تێدایە لەگەڵ پۆی سێکسدا یەکی خستووە و بەراوردی کردوون ، ئاسایی و دەگمەنە ئەگەر لە باسەکانی مارکس و فریدریک ئەنگلز بابەتێکی سێکسی بخوێنینەوە ، دیارە ئەوانیش لە ئازادیەکانی خودەوە بۆ ئەم چەمکە بۆچوونیان هەبووە و بەتایبەتی مارکس ئارەزووی سێکسی بە ئارەزوویەکی ئازادانەی ناو خودی تاکی زانیوە . مارکس لە سەردەمی ڕۆژانی هەڵاتنەکەیدا کە لە لەندەن لەگەڵ ژن و منداڵەکانیدا بووە ئارەزووی دەچێتە سەر ئەو ژنەی لەگەڵ ئەواندا منداڵەکانی بۆ پەروەردە ئەکردن و تەنانەت منداڵێکیشی لەو ژنە دەبێت . کاری سێکس بۆ مارکس چەمکێکە لە فەلسەفە

چونکە کارێکە بەتەنها پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە خودی مرۆڤەوە هەیە و هەموو تاکێک دەتوانێت ئەو کارە لە ناو خۆیدا بە شێوەیەکی تر سارێژکات ، پێدەچێ لە سەردەمی کۆمەڵەکەی ئەودا سانسۆرەکانی سێکس بۆ سەر تاک قورساییان ئەوەندە نەبوو بێت . ئێستا بە پێویستی دەزانم کە لە چەمکی ئەم باسەوە خۆمان بدوێنین و با بزانین گرنگی کاری سێکس لە بەرهەمهێنانی بوونماندایە یان هەژاندن و مەیسەر بونی ئارەزووەکانمانە لە ناو خۆماندا بوون بە هەموو جۆرەکانیەوە واتە( مرۆڤ و ئاژەڵ ) لە جووڵەیەکی ئۆرگانیزمیەوە دەستی پێکرد و لە نێوان تاکە نێرو مێکاندا ئەم بوونەوەرەی ئێستایان خستۆتەوە ، بوون هەر خۆی سمبولی بوونایەتی خۆیەتی و لە ناو خۆیدا کارێک دەکات و دەبێتە بەرهەم هێنەری بوونی خۆی ، ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە لە چەمکی بەرهەمەکانی خودی خۆمان بکۆڵینەوە و بزانین ئێمە لە چیەوە بووین و لە دیدگای ئەو بەرهەمەشەوە کە هەر خۆمان کاری تێدا دەکەین و لە ناو خۆماندا بەرهەمێک بەرهەم دێنین وێنەیەکی دەقاو دەقی کۆپی خودی خۆمانە کە لە خۆمان ئەچێ ، واتە خۆمان بوونی خۆمانین کە بە پڕکردن و تێرکردن و تەوا کردنی جەمسەرە ناتەواوەکان بۆ یەکتر لە

نێوان دوو تاک و دوو جۆری خۆماندا بەکاری ووزەیەک لە ناو خودماندا دەیسوتێنین و ئەو ووزەیەش بە هەمان شێوە بەرهەمی هۆرمۆنەکانی ناو خۆمانە کە هیچ پەیوەندیەکی دەرەکی بێ لە خۆمان بە هیچی ترەوە نامانبەسێتەوە ، بۆ خستنە گەری ئەو کارە ئۆرگانزمیە لە ناو خۆماندا کایەکانی کار و بەرهەم خودێکـــــــــــی تری وەک شێوەی خۆمان دەخاتەوە ، ڕەنگە تا ئێستا ئێمە نەزانین خۆمان بەرهەمی حەزو ئارەزوەکانی خۆمانین و ئێمە لە خودی خۆمانەوە دەبین و خۆمان بەرهەمی کاری ئۆرگانیزمەی خۆمانین ئەگەرچی لە مانای ژیانەوە ئارەزووەکانمان دەگۆڕین بۆ پێویستیەکانی هەبوون واتە پێویستیەکانی بەردەوامبوون بەمانای بەردەوامبونی مرۆڤایەتی ، ئێمە لە سێکوندەیەکی کاری سێکسدا تەواو دەبین کە سڕینەوە و داماڵینی خودمانە لە هەموو ماناو بەهاکانی سروشت ، سروشتێ کە تا ئێستا خودمانی بردووە و ئێمەی بە جێهێشتووە و بە ترسێکی گەورە و پڕ لە گومانەوە ئەمانهەژێنێ ، ئەوەی کە ناوی ئەو دیو سروشتە لێی دەترسین و بووەتە گومانێ لە خودماندا، کەچی نیە و نایبینین ، لێیئەترسین و بیری لێدەکەینەوە ، ئەوەشی لە سروشتدا ئەیبینین و لێیناترسین ، بیری لێناکەینەوە واتە ئێمە تەنها لە ترس و

گومانەوە دەکەوینــە ناو بیرکردنەوەوە ، پێویســتە ئەوەش بزانیــن ئەم دیــو و ئەو دیوی ســروشت لە ســێکوندەیەکی کاری ئۆرگانیزمەی ســێکسدا ماناکانیان لە دەســت ئەدەن . داماڵینی خود لە چەمکەکانی لۆژیکدا بەرەو هەدەرمان ئەباو ئاستێکی سەرەو لێژمان پێدەگرێ و هیچمان تیا ناهێڵێتەوە بە تایبەتی لە دوا ساتی ڕژانی تاکی نێر و ئۆرگازمەی تاکی مێدا ، لە تاکیشدا ئەو کارە دەبێتە ووزەیەک و ئەم ووزەیە بـە موچڕکەی دەمارەکان ئەمانسوتێنێ و سوتانێ خۆمان لە خودماندا ئەســــڕێتەوە ، ئەم ســــڕینەوەش لە کاتــــی مەیسەربونی جووڵە ئۆرگانزمیەکەی سێکسەوەیە . چەمک و بنەمای کۆمەڵبوونی تاکەکان و چۆنیەتی و جۆریەتی کار و مامەڵە و لەیەک نزیک بونەوە و پێکەوە نوسانی تاکەکان لەگەڵ یەکتریدا و چەمکەکانــی مێژوو و کەلتور و ڕەوشتــی کۆمەڵایەتــی لەســەر ئەو جووڵە ئۆرگانیزمیــە تۆمار کراوە . ئەوگســتین ئەو تۆبەکارە مەزنەی ناســراو بوو بــە حەز و ئارەزووەکانــی بــۆ کاری ســێکس لە پڕێکدا تۆبەی کرد و بویـە قەدیسـێکی مەزن و پیرۆـز لای کریستەکان ، ئیتر بـە یەکجاری ئاراستەی گۆڕا بۆ دژایەتی کردنی ئارەزووەکانی جەستە و داماڵینی خود لە چەمکی سێکسدا ، پێی وابوو کە کاری ســێکس چالاکیەکانــی لۆژیــک ئەوەســتێنێ ، هەڵبەت

ئەوگستین بە هۆی هەندێ هۆکاری سێکسیەوە ئاڕاستەی بیرکردنەوە و مامەڵە ورەفتاری کۆمەڵایەتی گۆڕا بوو . ئەوگست کۆنت ئەو کەسەی ئاڕاستەی فەلسەفەکانی لەسەر چۆنیەتی ئارەزوو و پەیوەندیەکانی ڕەنگیان ئەدایەوە و بۆ یەکەمین جار لە تەمەنی بیست ساڵیدا پەیوەندی سێکسی لەگەڵ بۆلین دروست کرد ئەو ژنەی تەمەنی بیست وپێنج ساڵ و منداڵێکیشی هەبوو ، هەستی جەستەیی لای کۆنت بۆ بۆلین دوو ڕەفتارئامێزی هەبوو یەکەم ئارەزووەیەکی دایکانە بوو کە هەمیشە بۆلین وەک دایکێ لە ئامێزی دەگرت و خۆشەویستیەکانی پێدەبەخشی دووەم ئارەزوویەکی سێکسی کە کۆنت لە بەرامبەر بۆلیندا دەبویە تاکێکی ڕاستەقینە بۆ دامرکانەوەی ئارەزووەکانی ، دوای ئەم کۆنت هاوسەرگیری لەگەڵ کارۆلینی سۆزانی بەست ئەویش بەهۆی ڕەفتارە نائاساییەکانی کۆنتەوە لە ماوەیەکی کورتدا بەجێیهێشت و گەڕایەوە بۆ کارە سۆزانیەتیەکەی ، لە دوای ئەمەشەوە کلۆتیدی قەدیسەی ناسی ئەم ژنە تەنها حەزی لە خۆشەویستی بوو لەگەڵ کۆنتدا ئارەزووی سێکسی نەبوو لەبەرئەوە کۆنت لەم ڕەفتارەی زۆر بێزار بوو پێدەچێ چەمکی ئارەزووەکانی کۆنت سەریان بە هەموو لایەکدا کردبێت و ڕەفتاری کۆنتیان بە ئاڕاستەی

ئەو لایەدا گۆڕیبێ هەروەک دواجار لەسەر گۆڕی کلۆتید ئەوەستێ و دەڵێ ( ناتوانین هەمیشە بیر بکەینەوە بەڵام دەتوانین هەمیشە خۆشەویستی بکەین ) . کاری ئۆرگانزمیەتی سێکس هەڵگری ڕەچەڵەکایەتی خودی مرۆڤە و کاردانەوەی بۆماوەییەکانی ( الوراثی ) ئەم ڕەچەڵەکەش بۆ سەر کار و مامەڵەی تاک لە ئارامگیری و دەمارگیری و شێوەی ڕەفتار لە خۆشویستن و ڕقبەخشیدا شکانەوەی لەسەر کەسایەتی تاکەکان هەیە و لە دوای ئەم هێمایانەوە جۆری کۆمەڵایەتی تاک لە ناو کۆمەڵدا دەردەکەوێت ئەویش بە مەرجی ئەگەری زۆرترین و زاڵبوونی یەکێک لەو ڕەفتارانە ، ئەمە لە ڕووی تاکەوە و مێژووی ڕەوشت و کەلتوری کۆمەڵیش هەڵگری هەمان هێمای تاکەکانیەتی و لە هەر شوێنێک بێت تاک هەڵگری نیشانەو سیمای کۆمەڵایەتی کۆمەڵەکەیەتی ، واتە کۆمەڵ هەموو چەمکەکانە و تەنها چەمکێکیش کە تاکەکانی لەسەر ڕووابێت کارە ئۆرگانزمیەکەی سێکسە . ئەگەر لە خاڵی دووربینیەکانی ئەم ئۆرگانیزمیەتەوە بڕوانین هەر لەسەرەتای مرۆڤایەتیەوە دەبینین مێژوو کردارێکی پڕدەسکاریکردنی بوونە و چەمکەکانی یاسا و سیستێمەکانی لەگەڵ ئێمە هێناوە و ئێمەش تا ئێستا لەو مێژووەوە خۆمان بەرهەم هێناوە ،

بەرهەمی پەیدا بوونێ کە تاکی مرۆڤایەتی هێنایە کایەوە و ئەو بوونەش بە کارەکانی خودی خۆمانەوە ئەمانبەسێتەوە و لە ناو گومانـــی خۆماندا کایـــە ســـەر ســـورڕهێنەرەکان دەمانهەژێنـــن ، کاتـــێ کـــە بڕوامان بـــە ســـەرەتای بوون و چۆنیەتـی داهێنەرە مێژووییەکان ئەترازێ کـە ئێمـە نەزانیـن لە خۆمانەوە چۆـن خۆمانمان پەیدا کردووە یان ئێمـە چۆـن بوویـــن . ئێمـــە مێژوومان لە ســـەرەتاوە بەرهەم هێناو مێژووش لە ئێمەوە دەســـتی پێکرد و بـــێ ئێمەش مێژوو لەسەر ئەرزێکی ڕووت و سروشتێکی بێ ئێمـە هـیچ ماناو بەهایەکی نەئەبوو ، لە مێژووی خۆماندا بـۆ بوونـی خۆمان دژە مانایەکمان ڕاسـتکردەوە کـە مانای بوونـی نەبوونـە و تواناکانـی خۆمانمان تێدا سـڕیەوە واتـە نەبوومان هێنایـە بوونەوە ، ئەوەی کـە خۆمان دروسـتمان کرد و خۆمانمان لێوە بـــە دیهێنـــا هەر لەو ئاســـتەوە لە ناو ســـەنتەرەکانی گومانەوە ئەبینە جێی مشت و مڕی پرسیارەکانی خۆمان ، ئایـا دوای ئەوەی کـە ئێمـە لە جووڵەیەکـی ئۆرگانزمیەوە بووین لە خۆمان ناپرسین ئێمـە بەروبومـی کام تەقینەوە و کام لێکدان و لێکخشان و بەیەکدا چوونەی گەردونیـن کـە هاوکێشـــە ئۆرگانزمیەکەی ناو ئێمەی بـــۆ بەردەوامبونـــی خۆمان خستەوە ( واتە بوونی مرۆڤ بەرهەمی کام کارە )

یان دەتوانین بڵێین ئایا بەبێ ئەو چەمکە چەمکی جوڵەی ئۆرگانیزمیەتی سێکس ، دەبێ ئێمە لە سەرەتاوە چۆن بووبین و چۆن ئێستامان دروست کرد . ئەگەر بە جۆرێ بیر لە سەرەتا و ئێستامان بکەینەوە و بە بیرکردنەوەیەک کەمتر لەو دوا سێکوندەیەی کە لە کاتی کاری سێکسدا پێکمانەوە ئەنوسێنێ و لە هەمان سێکوندەی خێرایی فرێدانی تاکی نێر و ئۆرگازمەی تاکی مێدا لەو کاتەدا چی دەبینین و چیمان لێدێ بەمەرجێ بیرکردنەوە لە بوون بەراورد بکەین بە دوا ساتی جووتبون ، ئایا لەو ساتەی هەردوو تاک ئەڕژێن لۆژیک و جەستە کامیان جڵەومان دەگرێ و لای کام لەوانە خود خۆی بە دەستەوە ئەدا بە تایبەتی کە جەستەمان خاڵی ئەبێتەوە لە هەست و هەستیشمان خاڵی ئەبێتەوە لە لۆژیک ، سیمۆن دوبۆفوار لە نوسینێکیدا دەڵێت.. ( سارتەر تا بڵێی پیاوێکی هەستیارە و لە هەموو ڕوویەکەوە چالاکە تەنها لە ناو جێگەی نوستندا نەبێت ) لە باسەکەدا ئەوەش دێت کە سارتەر چەند خولیای سێکس و ژنان بووە و سارتەر خۆشی دان بەوەدا دەنێت کە بۆ کاری سێکس زیاتر حەزی لە دەسپەڕ بووە ، ئەو پیاوەی بۆ هەموو دنیای نوسی و دنیاشی لە ووشەیەکدا نوسیەوە کەچی لە سێکوندەیەکی کاری

سێکسدا سارتەر خۆی لێ وون دەبێ و لە خۆیدا خاڵی دەبێتەوە هەروەک سیمۆن دوبۆفوار دەڵێ سارتەر هەستی بە تام وچێژێکی ڕاستەقینە نەدەکرد لە سێکسدا تەنها تەزویەکی کورتخایەن بوو گیانی ئەتەزاند ، ئەو تەزووە سەرسەخترین ساتە کە مرۆڤی تێدەکەوێت ئەوەیە کە تۆ سڕ دەکات و بیرکردنەوەت ناهێڵێت ئەوەیە کە ئێمە نازانین چۆن دەست بە سەر جەستە و عەقڵدا بگرین ئەوەیە کە هەمیشە ئێمە دەخاتە گومانێکی گەورەوە ، ئەو تەزووە لە دوای خۆیەوە پرسیارمان پێئەکات و فێری وەڵامەکەیمان ناکات پرسیارەکانیش لە گومانەکانمانەوە پێئەگەن ، ئایا ئێمە لە چیەوە بووین ، ئایا بەرهەمی ئەم تەزوەین ، ئایا خاڵیبوونەوەمان لەم تەزوەدا مانای نەبوونمان نابەخشێ ، یان مانای بوون مانای لۆژیک وهەستەکانی جەستەیە و هەستیش پردێکە لە نێوان لۆژیک و جەستەدا ، کەواتە ئەم تەزووە دیاردەیەکی سروشتیە و هەمیشە تیاماندا دووبارە دەبێتەوە و لەگەڵماندایە تا مردن ، ئێمە وەک بوون هەر ئەو تەزووە لە کارەساتی سێکسەوە ئەمانخاتە سەر لێوارەکانی بوون و نەبوونەوە تا بزانین ئێمە لە چیەوە بووین ، پڕبوون و خاڵی بوونەوە لە کاری سێکسەوە واتە بەر لە تەزوەکەی سارتەر و دوای تەزوەکەش دەگەینە

ئەوەی بڵێین هەر لە سەرەتاوە خواستێکی پێویستبون بووە ئێمەی هێناوەتـە بەرهەمەوە لەبەر ئەوەی نیـو شـت دەبوو نیو شتی تر تەواو کات یان تێهەڵکێشانی دوو ناوکی شکاو لە ناو یەکتردا بۆ ئەوەی شتێکی تەواو پێکبهێنن . ئەمەش بـــۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان بـــە کاری ڕاکێشانـــی جەمسـەرەکان بـۆ یەکتـر واتـە بـە هۆـی دژە پێویسـتەکان جەمســـەرەکانی پۆزەتیـــڤ و نێگێتیـــڤ دروســـت بون لەبەرئەوەی هەرگیز یەکەیەک بـە بێ یەکەیەکی تـر تەواو نابێـت . سـارتەر دەڵێـت..( دەمێکـە ئەندامـی سـێکسی ژن خواســـتی چووکـــی پیاوە نەک هەر ئەوەش بەڵکـــو پەناگەیەکیەتـی ) ئەمەیـە مانای جەمسـەرەکان خـۆ ئەگەر سـارتەر لە ئارەزوویەکی شێتگیریەوە ئەمەی ووتبێت ئەوە لە پشتیەوە لۆژیکـــێ هەیـــە و (دەمێکەی) ســـارتەر دەمانگەڕێنێتەوە بـــۆ زەمەنـــی ســـەرەتای ڕاکێشانـــی جەمسـەرەکان بـۆ یەکتـر و (پەناگەکەشـی) تەواوکردنـی یەکەکانی بوونـە لە ناو یەکتردا ، ئایا ئەمـە ئەو تەقینەوەیە نەبوو کە لە سەرەتای بوونی مرۆڤایەتیدا بە هۆی لەیەکدان و پڕکردنەوەی جەمسەرەکان یان دوو ناوک لە ناو یەکتردا ڕویداوە و بووەتـە یەکـێ لە بەرهەمـی فیگۆرەکانـی بوون ، هەروەک ئێسـتا لەو ناوکانەوە ئەتۆمەکان دروسـت دەکەن

کە دژوارترین کارە بۆ سروشت و بوونی مرۆڤایەتی ، ئەگەر خێرایی بەیەکاکێشانی دوو ناوک کە بوونەوەریان لە سەرەتاوە خستۆتەوە بەراورد بکەین لەگەڵ خێرایی ڕژانی جوتبونی تاکەکان دەبینین هاوشێوە و هاوکارن ، لەسەرەتادا دوو ناوک بون لە ئێستادا دوو جەستە و دوو عەقڵن لە خێرایی دوا ساتی رژاندا تاک بارگەکانی وون دەکات و لە هەموو شتێک خاڵی دەبێتەوە واتە کاری جوتبون بەرهەم هێنەرە بۆ بوون و هاوشێوەی تەقینەوەکەی سەرەتایە بۆ بوون . ئایا کارە ئۆرگانزمیەکەی سێکس لە دواساتی ڕژاندا داماڵینی جەستە نیە لە بەهاو یاساغەکان لە سیستێم لە مۆرال لە بوون لە خود لە هەموو ئەو بەربەستانەی دەمانخەنە گومانەوە نەک هەر ئەوە بەڵکو لە چەمکی سێکسەوە دەتوانین بە دوای ئازادیدا بگەڕێین بۆ ئازادیەکی ڕووت ئازادیەک کە لە لوتکەدا بێت و بە بێ یاسا و بە بێ ڕەوشتە ئایینیەکان . ئێمە ناتوانین بە پێوانەیەکی ڕێژەیی و کاتی چۆنیەتی بوون لە شکانی ناوکەکانەوە بسەلمێنین بەڵکو دەتوانین بە پێوانەیەکی عەقلی ڕێژەیی چۆنیەتی بوون لە پێش مێژووەوە بە هۆی کێش و یەکگرتنەوە لە نێوان ناوکە شکاوەکاندا بسەلمێنین تەنانەت ئەو پێوانەیە ئەشێت بۆ

چۆنیەتی بوونی سروشتیش . خێرایی بەرهەم هێنانی بوون ئەو خێراییـــە بووە وەک شێوانـــی هاوکێشـــە کیمیاییەکان کەلەیەک چاوتروکاندندا ژیان ئەخەنە مەترسیەکی گەورەوە هەر لەم خێراییەوە بـە هۆـی کاری ئۆرگانزمییەوە لە نێوان دوو خانەی جیاوازدا ئەم بوونـــە پێکهات . هەموو بڕوامان بەوە هەیـــە گەردون لە پێشدا شێوەیەکـــی ناســـروشتیی هەبووە و بە چەندین قۆناغ و تێپەڕاندنی کات واتە هەزاران هەزار ســـاڵ گۆڕانێکـــی وەک ئێســـتای تێدا گۆڕاوە و لە مێژووی بوونمانەوە ناوی ئەم ســــــــروشتەی لێنراوە ، ســـروشتیش ئێمـــە دەیناســـین و هەر لە ســـەرەتاوە لە گەردەکانـــــــــی ئاو و هەوا و خاکەوە پێکهاتووە و لە ناو ئەمانەشدا ئەو ووردیلە گەردانـــە ئەوەندە زۆربوون نێـــر و مێیان ( پۆزەتیڤ و نێگێتیڤ ) تێکەوتووە و لە پێداهەڵگژان و بەیەک نوســـانی دوان لەو نێـــر و مێیانـــە(پۆزەتیـــڤ و نێگێتیـــڤ) بوونەوەریان دروســـت کردووە ، بوونـــێ کـــە نازانین فیگۆرەکانی چۆن بووە و لە ناو ئەو سێ توخمەی کە لە گەردوندا هەبون بە هۆی زۆر لەیەک نزیکبوونەوەی گەردیلەکان و تێپەڕبوونی ماوە کاتیەکان هەمیشە بوون لە گۆڕان و جوڵانەوەیەکـــی بەردەوامدا بووە ، واتـــە لەگەڵ ســروشتدا گەردی بوون هەبووە بەبێ ئەوەی بتوانین ئەم

گەردانە بخەینە پاش و پێشی سروشتەوە ، نە سروشت بەبێ ئەو سێ توخمە دەبێ و نە توخمەکانیش بەبێ گەردەکان لە جوڵەی بەردەوامدا دەبن . لەگەڵ دەسپێکردنی کایە سروشتیەکاندا کایە زەمەنیەکانیش دەستیان پێکرد و لەم تێپەڕاندنەدا ماوە کاتیەکان جوڵەکانیان گۆڕی بۆ کاری ئۆرگانزمیەتێکی تر لە ناو گەردەکانی سروشتدا ، ئەو گەردانەی جەمسەری نێر و مێیان دروست دەکرد زیاتر لەیەک نزیکتر دەبونەوە و بەیەکترەوە دەنوسان تا شێوەیەکی گەورەتریان پێک هێناو فیگۆرێکیان دروستکرد . ئایا ناتوانین ئەمە بەسەرەتایەک بۆ چۆنیەتی بوون دیاری بکەین ، یان ئەو کارە ئۆرگانزمیەی لە نێوان جەمسەری نێر و مێی گەردی ناو توخمەکان لە ماوە زەمەنیەکەدا ڕویدا کارێ نەبوو بەهۆی گۆڕانە درێژخایەنەکانەوە توخمی مرۆڤیان خستەوە ، ئایا ئەم بوونە و هەموو گۆڕانەکان لە کایەی ئۆرگانزمیەتی سێکسەوە نەبوو . خۆ ئەگەر لە چەمکی ئایینیشەوە بۆ بوون بڕوانین دەزانین کە خوا حەوای بۆ کارێکی سێکسی لەپێناو زۆربونی بووندا بە ئادەم بەخشی ، ئادەم بەگژ سەمائۆیلدا چوو لە پێناو کێشەیەکی سێکسی و ئارەزووەکانی بۆ حەوا ، تەنانەت هەموو ئایینەکان

سەرەتای بوون لەم چیرۆکەوە دەگێڕنەوە و ئەگەرچی ئایین ئازادی مرۆڤی لە سێکسدا سانسۆر کرد و تاکی مرۆڤی یاسا بەند کرد بە کرداری شەرم و شەرەف لە ناو ترسە مۆراڵیەکانی ئاییندا کە چی نەیتوانیوە خۆی لە چەمکی سێکس بپارێزێ و ئەوەتا بۆ سەلماندنی بوون باس لە مۆرالێتی سێکس دەکات ، ئایەتێکی قورئان دەڵێ..( فلما تغشاها حملت حملا خفیفا ) واتە کاتێ چوو بە ناویا بارێکی سوکی پێهەڵگرت ، ئەمە وێنەیەکی دەقاو دەق سێکسی و پڕە لەوێنەکانی ئارەزوو ، کارێکیشە پێویستە و تام وچێژ بە ئارەزووەکانی خود ئەبەخشێ ، لە ڕێی ئەو کارە ئۆرگانیزمیەی کە دەڵێ ( بارێکی پێهەڵگرت ) واتە لە کاری سێکسەوە بەرهەمێکیش دەبێت . هەر لەو تام وچێژەشەوە موحەمەد لە سورەتێکیدا دەنوسێ..( لاطیفهن ثم داعیبهن ثم واقیعهن ) واتە قسەی خۆش ودەسبازیان لەگەڵ بکەن ئەوجا بیکەن ، ئەڵبەت لە ئاییندا زیاتر کرداری بکەر نێر بووە و هەر لەویشەوە تام وچێژ بەخشراوە . لە سەرەتای مێژووی بوونەوە بۆ کاری سێکس کێشمانکێشێ هەبووە لە نێوان تاکی نێر و مێدا لەو نێوانەشدا کێشە سۆسۆلۆژی و بایەلۆژیەکان گرفتە سەرەکیەکانی بون . گێرمەو کێشەی سێکس ، سێکسێ کە هەمیشە بە گژ

یەکماندا ئەداو دەمانخاتە ناو شەڕی ڕاستەقینەی خۆمانەوە ، لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین سێکس دروستمان دەکات و لەیەک خاڵی بچکۆلەدا کۆمان ئەکاتەوە کە هەر لە و خاڵەدا و لە کەمترینی سێکوندەیەکدا واتە لە دوا ساتی جووتبوندا بە یەکجاری وونمان دەکات و جارێکی تر بە هۆشمان دێنێتەوە و دەمانخاتەوە ناو بوونەوە . کەواتە لەم کایە ئۆرگانزمیەوە سەرەتامان دەردەکەوێت و مرۆڤ دەتوادێت پەی بە بوونی خۆی بەرێت ، دەتوانین بڵێین مرۆڤ بەرهەمی پێویستیەکی سێکسیە لەناو خۆیدا بۆ بەرهەم هێنانی خۆی ، ئەم بەبەرهەم هێنانەش پێوستیەکانی تری لە خۆی کۆکردەوە و لە ژیانی مرۆڤایەتیدا یەکیخستنەوە ، ژیانیش یەکەیەکی بەردەوامیە بۆ بەرهەم هێنانی مرۆڤ لە کایە ئۆرگانزمیەکانی سێکسەوە ، کەواتە مرۆڤ کایەیەکی سێکسیە و بێ ئەو چەمکەش لە کاری بەرهەم هێنانی خۆی دەکەوێت ، یەکەم سەرەتاو یەکەم بون و یەکەمین مرۆڤ لەگەڵ سروشت و توخمەکانیدا بە هۆی کێشکردن و بەیەکدا چوونی گەردەکانەوە پەیدا بووە و ئەگەرچی بەلەیەکخشان و بە چوونەناوەوە و یەکڕاکێشانی گەردە زیندوەکان لەهەر توخمێکدا ئەوە پێویستیەکی ئۆرگانیزمی بووە و بۆ پڕکردنەوە و تەواو کردنی یەکتر لە نێوان

نێگێتیـڤ پۆزەتیڤەکاندا ڕوویان داوە ، کـە جەمسـەری ئەو گەردانەش بــە یەکدا ئەدەن یەک لە یەکتردا خاڵی دەکەنەوە و جەمســــەرەکانیان دەگۆڕن واتــــە نێگێتیڤەکان بــــۆ پۆزێتیڤەکان و بــە پێچەوانەشەوە . پرســیار لە دوای ئەم هەموو بۆچوونانەوە دێت ، ئایا دەتوانیـن یەکەمیـن گەردی مرۆڤایەتی بدۆزینەوە و بزانین لەچیوە پەیدا بووە ، یان ئایا دەتوانیــن بەر لە یەکەم گەردی مرۆڤایەتــی بــۆ یەکەمیــن گەردی توخمەکانـی سـروشت و گەردوون بگەڕێیـن ، ئایـا ئەوانەش لە بەرهەم و دەرئەنجامەکانـی کایـە ئۆرگانیزمـە ســـێکسیەکانن یان ئەو یەکەمینـــە یەکەمینێکـــی تری لە پێشەوەیــە و ناتوانیــن قوڵتــر پێیدا بچینەوە لەبەرئەوەی دەترسـین ، پێـم وایـە هیـچ شتێـک نیـە لە بیری مرۆـڤ گەورەتـر و لە تێڕامانەکانی قوڵتـر بێت ئێمـە دەتوانیـن ئەو گەردونـە لەبەردەم گەردێکـی بیرکردنەوەماندا زۆـر بچوک بکەینەوە و لە هەموو کون و ســـوچێکیەوە تێیبڕوانیـــن و لێیبکۆڵینەوە ، ئەوەندە هەیـە بڵێیـن هیـچ پێش و پاشێک لە نێوان سـروشت و بووندا نەبووە و تەنهـا شێوەیەکـی تری هەبووە لە ئێســـتای ، بەڵکـــو ســـــروشت و بوونیـــش دیاردەیەکـی یەکبەندی گەردیلەی توخمەکانـن ، بـە تایبەتـی بوون لە بچوکتریـــــن گەردەوە گەورە بووە و خۆبەرهەم

هێنەر بووە لە ئەنجامی جوولە ئۆرگانزمیەکانەوە . سێکس کارێکــی ســەرەکی هەیــە لە ژیانــی بووندا و بەر لە تام وچێژیش ئەو کارە مانای بەردەوامی بووە و پێویستیەک بووە لە نێوان تاکێـک و تاکێکـی تردا ، پرسـیارێکی تـر لە خۆمان بکەین ئایا کار لە چەمکی سێکسدا پێویستیەکە بۆ بەردەوام بون یان تەنهــا بــۆ تام و چێژە ، واتــە میکانیزمیەتی کاری سێکس وەک کارێک کە تاک ووزەیەکی تێدا ئەسوتێنێ و خودی مرۆڤ بەرهەم دێنێت ئەمە وەک پێویستی بۆ بەردەوامبون لە ژیاندا ئەرکێکی پێویستە یان سوتانی ئەو ووزەیە تەنها حەزێکە و بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانمانــە . بــۆ ئەم پرسـیارە لە دوو ڕووانگەوە تێیئەڕوانیــن کــە پەیوەســتن بەیەکەوە ، یەکەم .. ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتا و لەو جەمسەرەوە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەڕێین کە ئەگەر بێتو کارە ئۆرگانزمیەکەی ســێکس بگێڕینەوە بــۆ لەیەکدان و بەیەک گەشتــن و تەقینەوەی کرۆمۆســۆماتەکان واتــە کێشکردن لە نێوان پۆزێتیڤەکان و نێگێتیڤەکاندا مانای ئەو پێویســتیەیە بــۆ تەواوکردن و پڕکردنەوە کــە دوو یەکەن هەمیشــە پێویستیان بـە تەواوکردنـی یەک هەیـە ، حەز هەسـتێکی ڕۆحیە و هەرچەندە خواستێکی جەستەیشە بە هۆی ڕژانی

هۆرمۆنەکانەوە بەڵام ناکاتـــــە کاریـَکـــــی میکانزمـــــی ، لەســــــەرەتاشەوە کارە ئۆرگانزمیەکان ئەگەر بەهـۆــــــی لەیەکنزیکبونەوەی گەردەکانەوە بیـَت ئەوا ســەرەتای بوون لە کیـَشـە بارگاویەکانـی نیـَوان نیـَگیـَتیڤەکان و پۆزەتیڤەکانەوە بووە ، واتـە بوون خۆـی لە ناوکیـَکەوە بووە لە ناو کیـَشمان کیـَشکردنـــی بارگەکان وەک دەســــتپیـَکردنی چۆنیەتـــی گەورەبونـی مرۆـڤ لە ناو منالاَندا لە پیتاندنـی هیـَلکەوە تـا ســـەرەتای گەورەبوون ، ئەم ســـەرەتایە دەســـتپیـَکردنیـَکی پیـَویستی بووە لەرووی میکانزمیەتی کارە ئۆرگانیزمیەکەوە . دووەم .. لەکاتیـَکدا کایە هەست و نەستیەکان لە جەستەی مرۆڤدا گەورە دەبن و دەسەلاَتی بەشەکانی جەستە ئەخەنە ژیـَــر دەســـەلاَتی لۆژیکەوە بـــۆ بڕیاردان لەســـەر جوولَە ئۆرگانزمیەکان ، ئەو کاتـــە حەز لە چەمکـــی ســـیـَکسەوە دەسـبەکار دەبیـَـت بـۆ ڕژانـی هۆرمۆنەکانـی ئارەزوو واتـە نیـَگیـَتیـــــڤ و پۆزەتیـــــڤ وەک یەک دەکەونـــــە کاری ئۆرگانزمیەتەکەوە ، حەز کـــە تام و چیـَژە و لە هەســـتەوە لەگەلَ ئارەزوودا یاکانگیــر دەبیـَــت ئەویـــش لە چەمکـــی ئۆرگانیزمیەتـی تاکەکانەوە لە قۆناغیـَکەوە بـۆ قۆناغیـَکـی تـر دەگۆڕدریـَت بۆ کاریـَکی میکانیزمی واتە دەبیـَتە پیـَویستیەک بۆ بەشەکانی تری جەستە و ئەم پیـَویستیەش لە تاکدا شان

بــه شانــی حەز لە کارە ئۆرگانزمیەکەدا بەشدارە . کەواتــە دەکەوینــە ناو هاوکێشەیەکــی پــڕ لە گومانەوە ، ئێســتا دەزانیــن کــە کاری ئۆرگانزمیەت لەســەرەتای بووندا لە شکانی ناوکەکانەوە بە هۆی ڕاکێشان و پڕکردنەوەی نێوان جەمســەری گەردەکانەوە بووە و ئەمەش زیاتــر بەکارێکــی پێویستی دادەنرێت لە جەمسەرە تێرنەبووەکانەوە بۆ یەکتر و تێربونیان لە یەکتــر ، کەچــی لەگەڵ پێویســتی کاری ســێکسدا تام و چێــژ یان لەزەتەکان هەیبەتێکــی تری ئەو کارە ئۆرگانزمیەن و خرۆشانێکــــی ئەوەندە بــــە تاوە لە کاتێکدا کــە دەگەیتــە دوا ســێکوندی فڕێدان هەموو بەهاکان لە بیر ئەچنەوە و سێستەم و یاسا مانایان لە دەست ئەدەن تەنانەت لۆژیــک لەو ســێکوندەیەدا لە قاڵب ئەدرێــت و دەســەڵات لەکارە ئۆرگانزمیەکەدا نامێنێ و چیتر کۆنترۆڵی خۆــی وون دەکات . ئەو دەرئەنجامەی پێیڕادەگەیــن کــە لەزەتێکــی ئۆرگانیزمــی دەمانخاتــە ناو کارێکــی پێویســتەوە ئەوەش ســێکسە لە نێوان دوو جەمســەردا واتــە پێویســتی دەگۆڕێــت بــۆ حەزێکــی ئارەزوومەندانــە ، ئەم دوو چەمکــە لەیەک کاتدا هێڵی بەردەوامــــی بوون درێــــژ دەکەنەوە و ئاڕاســتەی مێژوو لە قۆناغەکاندا دەگۆڕن . ئێمــە ناتوانیــن یەکســەر پێ لەوە داگرین ئایا هەســتکردن بــە لەزەت لە

پێشەوەیــە یان لەو کارەدا پێویســتبونی بوون واتــە کاری ئۆرگانیزمــی ســێکس ، خــۆ ئەگەر بــۆ ســەرەتا بگەڕێینەوە ئەوە ناتوانیــن هیچــی لێوە باس بکەیــن ئەوە قۆناغێــک بوو کۆتایــی پێهات و دەســتپێکردنێک بوو لە دروســتبوونی ئەم جۆرەی مرۆــڤ ئەگەر چــی زیاتــر پێویســتیەکان بوو لە تێرکردنــی جەمســەرە ناتێربووەکان بەڵام لە ئێســتادا تام و چێــژ ئارەزوویەکــی ســەرەکی بــە خود بەخشیوە و کاری پێویســـتیشی لە ئەســـتۆ گرتووە و بەردەوام بەتەنیشـــت یەکەوە بونەتــە حەزی مرۆــڤ . موحەمەد لە حەدیســێکدا دەنوســێ.. ( القبلة رســول الرغبــة ) واتــە ماچ پەیامبەری ئارەزووە کەواتــە بــۆ تام و چێــژ پێویســتیمان بــە کارێکــی ئۆرگانیزمـــی ســـێکس هەیـــە و لە دوای ئەمەشەوە بـــۆ ئارەزووەکان پێویســتمان بــە ســوتانی ووزەیەک هەیــە تــا بتوانیـــن کاری بـــۆ بکەیـــن ، لە دوای هەموو کارێکیـــش بەرهەمێک هەیــە بــۆ نمونــە دوو تاکــی نێــر و مــێ پێکەوە حەزیان لە کارێکــی ســێکسیە پاش ماوەیەک ســکی ژنەکــە بەرز دەبێتەوە و هەردوکیان دەکەونــە گومانێکــی ســەیرەوە کــە ئەمانیــش بوونەتــە هۆــی بەرهەم هێنانــی تاکێکــی تــر و لێرەوە چەمکەکانی حەز دەگۆڕێت بۆ پێویستیەکانی بەرهەم هێنان ، چۆنیەتـــی کار لەو بەرهەمەدا جارێکیتـــر ئارەزوو

پەیدا دەکاتەوە بە دوو هۆ ، یەکەم.. چۆنیەتی بەرهەمی تام و چێـژ کردن لە کارە ئۆرگانیزمیەکەی سـێکسدا ، دووەم.. بەرهەم هاتوەکـــە ئارەزوومەندی دێنێتـــە کایەوە بـــۆ بەگەڕخســتنەوەی تام و چێــژ لەشێوەیەکــی تریدا ، واتــە مولکایەتـــی بوون بەرهەمـــی کاری ســـوتانی ووزەی ئارەزووەکانـــە . لە یەکەمدا بـــە هۆـــی ڕژانـــی کۆمەڵێ هۆرمۆناتی تایبەتیی تاکی نێر ومێ بۆ ناو بەشەکانی تری لەش کـــە لەیەک ئەدەن و تێهەڵکێشـــی یەکتـــر دەبـــن و هەردوکیان دەبنە دوو حەزی ڕووت کە ئەوان دەزانن ئەم کارەشیان بـۆ بەرهەمێکـە یان بەرهەمێکـی بـە دواوەیـە و مولکی ئەوانـە ، لەدووەمدا بەرهەمەکەی خۆیان دەبینن کە مانایەکـــی ڕاســـتەقینەی خۆیان و بەردەوامـــی بوونـــی هەڵگرتووە ئیتـــر کایەکانـــی حەز دووبارە دەســـت بەکار دەبێتەوە بـــۆ کارە ئۆرگانیزمیەکانـــی ســـێکس . لە کار و بەرهەمـــی ســـێکسەوە ئێمـــە بـــە هەموو جۆرەکانمانەوە بووین ، جۆری چاک و خراپ لە خۆ بەخشی و خۆ ویستی و خـۆ کوژی ، ئەوانەی ئەگەر پێیان بکرێت لە یەک ساتدا هەموو مرۆڤایەتیت بۆ دەسوتێنن ئەوی لە ڕێی دەسەڵات و ئەوی لەڕێی داهێنانە کیمیک و فیزیکەکانەوە وەک بەرهەمی ئەتۆمی و مادە ژەهراویەکانەوە . ئەڵبەت زۆریشن ئەوانەی

بۆ مرۆڤایەتی کاردەکەن و بەرهەمەکانیان کارێکە تەنها لە پێناو بەردەوامبون و درێژبونەوەی مرۆڤایەتیدایە . سێکس وەک ژیان پێویستە و لەناو بوونی هەموو کەسێکدایە تا بوونی ئەو کەسەش دەژی و ئیتر لەگەڵ ئەویشدا دەمرێت ، ئەم چەمکە ئەگەرچی هۆیەکی سەرەکیە بۆ بوونمان ئەوەندەش هۆیە بۆ گرفتەکانمان ، ئەگەر کەسێ زۆر پەیوەست بووبێ بەم چەمکەوە لە ناو کۆمەڵدا بە تایبەتی کۆمەڵی ئاینی هێمایەکی تایبەتی لەسەر بووە و بووەتە هۆی سڕینەوەی کەسایەتی ئەو تاکە و خۆ ئەگەر نەیانکوشتبێت ئەوە هەمیشە دەربەدەر و گرفتار بووە و لە مافەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵەیە بێبەش بووە ، ئەم هۆکارانە لە مۆراڵە ئاینییەکانەوە پێویستکراوەتە سەر کرداری کۆمەڵ و لە کۆمەڵیشەوە داتەپیوەتە سەر کرداری تاک بەڵام لە تاکدا ئەوەندە خەست بووەتەوە هەمیشە هەستی بە تاوانێکی گەورە و گوناحێکی پڕ لە تەوبەکردن کردووە لە ڕووی وەهمەکانی ئایین و کۆمەڵەوە بەرامبەر بە خودی خۆی . بەم چیرۆکەش کۆتایی بە باسەکە دێنم.. دەگێڕنەوە حوشترەوانێکی عەرەب لە بیابانێکی چۆڵدا ئارەزووی دەچێتە سەر حوشترەکەی و لە ئاستی بەرزی حوشترەکەیدا بۆ تام و چێژی سێکس ڕادەمێنێ و نازانێت

چۆـــن کارەکەی لە گەڵدا تەواو کات ، بەڵام ئارەزووەکەی لەو کاتەدا بیرکردنەوەیەکی باشی بۆ دێنێت ، لە دواوە لە نێوان هەردوو ڕانی حوشترەکەدا دارێک بە هەردووڕانیەوە دەبەسێتەوە و وەک پێپلەیەک بە ئاسانی دەچێتە سەری و کارە ســێکسیەکەی تەواو دەکات ، لە پاشدا هەســت بــە گوناحێکــی گەورە دەکات و لەبەر خۆیەوە دەڵێــت .. دەک شەیتان بە نەعلەت بیت چکارێکت پێکردم . هەر لەو کاتەدا شەیتان دێتــە وەڵام و پێــی دەڵێــت .. دەک خوا خۆــت بــە نەعلەت کات ، کوڕە خــۆ مــن هەرگیــز بیرکردنەوەیەکــی ئاوهام بەسەردا نەهاتووە .


# زمکان عەزیز

## ئەڵمانیا

simkan97@hotmail.de